# بانگهێشت كردنی برایم تاتلیساز بۆ هەرێمی كوردستان چ سوودێكی بۆ كورد هەیە؟ ... قادر ئەلیاسی

ئۆسلۆ ـ 2005/11/22

دوای زیاتر لە دوو مانگ هات و هاوار و بانگەشە کردنی راگەیەندنە کوردیەکانی هەرێم لە مەڕ هاتنی برایم تاتلیساز بۆ کوردستانی ئازاد و سەرەنجام گەیشتنی ناوبراو بە کوردستان، رۆژی 2005/11/17 لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا کە لە هوتێل شیراتونی هەولێری پایتەخت بەڕێوەچوو، ناوبراو رایگەیاند: تورکی کوڕی تورکم. لە گەڵ رێز بۆ هەموو نەتەوەیەکی ئەو سەرگۆی زەویە بە گشتی و نەتەوەی تورک بە تایبەتی، دەمهەوێ بێژم: ئەو دەستەواژەیەی تاتلیساز لە ئاخاوتنەکەیدا بە کاری هێنا، وەک راسپێردراوێک کە پێی سپێردرابێ، بە بەرچاوی ئەو راگەیاندنانەی کە پڕوپاگاندەیان بۆ بەڕێزی کردبوو، جەختی کردەوە و وای گەیاند کە ئەو وەک گۆرانیبێژێکی کورد نەهاتۆتە کوردستان بەڵکوو وەک تورکێکی گۆرانیبێژی وڵاتی تورکان کە هەڵگری بیری کەمالیزمە، تەشریفی موبارەکی هێناوە!

چوونکە ئەگەر ئەوانی دیکە یەکجار تورک بوون، ئەوا ئەم بە هێنانی دەستەواژەی " تورکی کوڕی تورکم "، دووجار تورکە. لەوەش زیاتر وەک گاڵتەی هەمیشەیی بە نەتەوەی کورد کە هەموو جارێک فارس و تورک و عەرەبەکان دەبێژن: دایکمان کوردە، ئەمیش هەر وای وت. لە کۆمەڵی باوکسالاری دا تەنیا دایک و توخمی مێینە بە نامووس دەزانرێ. تاتلیسازیش بە ئاماژە کردن بەوەی دایکی کوردە و باوکی تورک، راست ئەو کولتووره سەقەتەی باوک سالاریی تێکەڵی هەستی کوێری خۆبەزل زانی نەتەوەی فەرمانڕەوا (تورک) کرد و دای بە نێوچەوانی خانەخوێ دا.

ئەو وەک پەیام، "سڵاوی کۆماری تورکیا و خەڵکی تورکیای بۆ خەڵکی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك هێنابوو". لە لایەکەوە ئامادە نەبوو، وەڵامی هیچ پرسیارێکی سیاسی بداتەوە بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە نەهێنانی ناوی کوردستان و جیاوازی دانەنان لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشە عەرەب نشینەکەی عێراقدا، راست بە پەیڕەو کردنی سیاسەتی کەمالیزم لە سەر خاکی پاکی کوردستان، نکوولی لەو کیانە کوردییە کرد، بۆیە بە بێ رێزییەوە دەبێژێ:" پێش ئەوەی بۆ ئێرە بێم، حەزم دەکرد بۆ بەغدا بچم، بەغداش داوەتیان کردم، بەهۆی نا لەباری باری ئەمنی نەچووم بۆ بەغدا، لەبەرئەوەی باری ئەمنی لێرە باشە بۆیە هاتوومە ئێرە". راستە هەرێمی کوردستان و بەغدا، هەر دوو لە چوارچێوەی جوغرافیای عێراق دایە بەڵام شێوەی ئاخاوتنی تاتلیساز لە سەر کوردستان، بەو جۆرەیە جگە لە دەربڕینی نوێنەری نەتەوەیەکی سەردەستی وەک تورک کە بوونی نەتەوەی کورد لە وڵاتی خۆیدا ناسەلمێنێ و بە "تورکی چیای" لە قەڵەم دەدا، ناکرێ هیچ ناوێکی دیکەی لە سەر دابنەین.

بەڕاستی ئەو کۆمپانیا و ناوەندە کولتووریەی کە بەو شێوەیە ئەو کابرایەی هێنایە کوردستان، دەتوانم بێژم گوڵێکی سیاسی لە کورد و دۆزە رەواکەی کرد. چوونکە تاتلیساز بە ئامادە بوونی سەرجەم راگەیاندنە کوردییەکان، ئەو شەکرەی شکاند کە ساڵانێکە داگیرکەران دەیشکێنن!

قسە لەودەا نیە کە کێ بێتە کوردستان و کێ نەیە. ئەوە بە هەڵە دەزانم. با دۆست بێت و بە چاوی خۆی پێشکەوتنی کوردستان ببینێ و ناحەزیش ئەگەر دژی ئەو کیانەیە، هەمیسان ڕێگای پێ بدرێ با ئەوەی بە دڵ حەزناکا، بە چاو پێی بسەلمێندرێ کە ئەو چ بخوازێ و چ نەخوازێ کورد هەیە و کوردستانیشی دەبێ.

ئەوەی دەبوو پێش لە هاتنی برایم تاتلیساز لێکدراباوە، چەند و چۆنی ئەو بەرنامەیە بوو. ڕاستە پێکهێنانی چالاکیە هونەریەکان دەبێ لە کەش و هەوایەکی ئازاددا ساز بدرێ و دوور بێ لە هەر چەشنە ڕواڵەتێکی سیاسی، بەڵام نە پاشقەلی برایم ئەوەندە خاوێنە کورد لێی نەسڵەمێتەوە و نە نیەتی حاکمانی وڵاتی جیرانیش (تورکیا) ئەوەندە پاکە کە ئێمەی کورد بێ تێبینی بە سەریاندا باز بدەن.

دوای ئەو کایە دۆڕاوە، دەڵێم: قاڵی دوای گورگ دادێ نابەخشێ و دەبێ ئێستاولا بەر لەوەی هەنگاوێکی لەو چەشنە هەڵبگرین، پێشتر بیری لێ بکەینەوە. بەو هیوایە!